# چامه یێک بۆ خاوه نی ژیێ

( سه یدا فه رهاد شاکه لی )

بۆنی هه ریێمی غوربه ت کوشتمی

بۆ دیار نیت ئه ی یار

بۆنی نسیێ که لاوان خنکاندمی

تۆ له کویێ ئه ی یار

بۆنی شیێ ئیێواران تاساندمی

بمگه یه ئه ی یار.

بیێ بۆنی " تاریکی " خه لۆه تگه که ت

چلۆن ده ربازکه م ئه م ژینه ئه ی یار.

ئیێره کانیێ نه هه وا بۆ هه لمژین ئه شیێ

و

نه ش تاویێ ئازادییت لیێوه دیاره ئه ی یار.

بۆنه کانی ئیێره کانیێ ئه ی یار

هه ر بۆنی مه رگ، بۆنی ته نیایی

و

بۆنی خه فه تن .

ئه ی تۆ نه تگوت ئه ی یار

گش شه فه قیێ ، ئه زیێمه نیێو نیگاته وه

ئه ی خۆت نه ووت ئه ی یار

ڕۆژ بیێ هاژه ی ده ربه نده کان

کوا هه لئه کا !

ئه وه تۆ نه بووی ئه ی یار
هه موو ڕۆژێک " نیگاری " خۆت
له " دیواری زیندانه که م هه ڵده کۆڵی" .
کوانێ ئه ی ئه ی یار ، ئه م دونیایه بێ وه فایه!
ئه ی بۆ ناڵێی
له بێ سۆزی مرۆڤایه
دونیاش گرفتاری ده رده .
تۆ له کوێ بیت، هه موو ساتێ
لام ئاشکرای،
هه تا چه نده لێم بزر بیت
سه ت ئه وه نده ، بۆم ئاشنای.
وه ره و به " ژێ " ی هه ڵبه ستانت
بمژێنه وه ئه ی یار،
وه ره قوربان ، ئه م مه حاڵه
زۆر وێرانه .
نه به یانان، ئینتزارت ده کا خۆرێ
نه ش خۆر په ڕان ، زه رده یێکت لێوه دیاره.
ئه مێستاکه په ڵه ژه نگێ ، هۆ ئاشنا
ئاوێزانه به تاقچه که ی ئه م ڕۆحه مما
هاکا خنکام.
هۆ ئاشنا ، ئه ی خۆت نه تگوت:
شه رت بێ تا ماوم

" هه موو ڕازی منت لا ئاشکرا

و

هه موو ئاشکرای تۆشم لا ڕاز " .

تۆ نه هه وری و نه نسیێ

وه ره و خوره‌ مه بارانیێ

به سه ر ئه م قاقڕستانه ی گیانما

داکه ،

وه ره و جاڕی دڵ زۆر تینووه

بیێ شیێعرت

وه ره و وه رزی دڵ ویشکه بیێ هه ستت

وه ره و بۆ خوا ، گه واڵه هه وریێ بنیێره

باراناوی

مینا هه وره بارانی کوردستان.

وه ره و " پرۆژه ی کۆده تاییێکی نهیێنی"

بۆ ئه م هه ریێمه داڕیێژه.

وه ره گیانه ، میێرگ بیێ گوڵه

جاڕ بیێ دڵه

هه وار چۆڵه

کویێستان بیێ که و.

وه ره و سیروانه هۆزان بنیێره

بۆ کوردستان.

وه ره و دیسان چه پکه شیێعریێکت بنیێره

بۆ بنار و چیا و زۆزان.

وه ره و کویٚستان بیٚ تۆ ماته
وه ره ئه ی یار، گش کوردستان
چه مه ڕاته .

ڕیٚناس جاف

تاران ، زستانی 2704 کوردی

caf@yahoo.comRenas

سه رنجیٚ : ئه و ووشه و ڕستانه ی له نیٚو که وانه دا هاتوون، ناونیشانی به رهه مه کانی شیٚعری و ئه ده بی شاعیر " فه رهاد شاکه لی" ن . هه لٚبه ت له چه ن شویٚنیٚکه وه ده سکاری منیان ،تیا دیاره و ڕاس هه مان ناونیشانی به رهه مه کانی نین و تابیری نیٚزیک له وانن.